# با بەبیانووی سوتاندنی مۆنیمێنتەکە ,داخوازی خەلکی هەلەبجەو ئەنفالکراومان لەیاد نەچێتەوە ؟

**قادر نادر**

15 سالە پارتی و یەکێتی ,بێ سلمینەوە لەهیچ شتێک بە ئارەزوی خۆیان رەفتار دەکەن, وەک فایلدار لە کەنالەکانی راگەیاندن باسی لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکات! ئەنفالچی وەک پێشمەرگەی دێرین بریاربەدەست و رێزی هەیە! !داهاتی دەیان ملیار دۆلاری خەلک کەس نازانێت حکومەت و پارت چۆن خەرجی دەکەن؟ سادەترین مافی خەلک دابین کردنی سووتەمەنیە ,کەچی نەیان توانیوە دابینی بکەن ؟ شاری خەونەکان و گەرەکی فەرعۆناوە, خۆی لەقەرەی خزمەتگوزاری و جوانی ستۆکهۆلم دەدات ,کەچی چەند سەد مەترێک لەم لاوە, خانوەکان و خەلکەکەی, دەلێیت لە نیشتمانێکی تر دەژین ؟ بەرپرس بەچەند مانگ و سالێک دەبێت بە خاوەنی سەرمایەکی مادی زۆر! کەسێتی تاکی کوردیان لاواز کردوە, کە تەنیا فێرە زەلیلی و پارانەوەی دەکەن........ لەسەرووی هەموو ئەمانەش بەرپرسەکان بەردەوامن , لە چەواشەکردنی خەلک , بە هێنانەوەی چەندین درووشمی بریقەدارو پیشاندانی دێوەزمەی داگیرکەران , بەتایبەتی لەم کاتانەی دەنگی نارەزایەتی خەلک بەرز دەبێتەوە!؟

ئێستا قۆناغی شاخ نیە, تا تامەزرۆ و لەدوورەوە گوێبیستان بین؟ بەچاوی خۆمان 15 سالە رەفتارتان وەک رۆژی رووناک دیارە ؟.

لەهەموو ولاتێک, حزب و حکومەت و سەرکردە, بە4 سال قسەو کرداری هەلدەسەنگێنرێت . ئێوە بە 4×4 هێشتا هیچ کارێکی خزمەتگوزاری واتان نەکردووە, کەخەلک و دایکی ئەنفالکراوێک لێتان رازی بێت, بۆیە دەتوانین بلێین لەرووی ئیداری وخزمەتی خەلک هیچتان پێنیە , یان ئەوە بەرنامەتان بوو کە پەیرەو تان کرد ؟ بۆیە کاتی ئەوە هاتووە دەسەلات بدەن بە خەلکانێکی تر, یان بەلایەنی کەم کۆمەلێک لەو بەرپرسانە لەدەسەلات دووربخەنەوە لە بریاری سیاسی و ئیداری , کەتێک شکان لەدوای تێک شکان بۆمان تۆماردەکەن ,وە هەرخەریکی شەرە دەسەلات دەولەمەند بوونن؟

15 سال لەو هەموو بێ رێزیە بەخەلک و گرنگی نەدان بە پاشماوەی خەلکی ئەنفالکراوو هەلەبجە, ناچێتە خانەی کەم وکورتی ,بێشک ئەمە تاوانە لەمێژووش ئەمە لەپەروەندی کەسێتی و پارتایەتیتان دەنوسرێت .

ماوەیەکەسەرلەنوێ نارەزایەتیەکانی خەلک دەستی پێکردۆتەوە دژ بە نایەکسانی , دزینی داهاتی خەلک و گەندەلی ئیداری .... ,ئەم دوو هێزەش هەربەچاوی 15 سال لەمەوبەر سەیری رووداوەکان دەکەن !؟وادەزانن تاسەر خەلک بە زەبروزەنگ ملکەچ و بێدەنگ دەبێت !؟

سالی پار لە هەولێرو ئاکرێ و کەلارو دەربەندیخان و.....خۆپیشاندان سازکرا ,وەک پیشەی هەمیشەیی بەزەبرو زەنگ کۆتایان بە نارەزایەتیەکانی جەماوەر هێنا, ئەمە جگە لەوەی لەراگەیاندن, بەدەستێکی تێکدەر و خزمەتی دوژمنان لەقەلەم د را.

خۆپیشاندانی خەلکی هەلەبجەش , بە هۆکاری سووتانی مۆنۆمێنتەکە , دەیانەوێت لەناوەرۆکە سەرەکیەکەی دوربخەنەوە کە ئاورنەدانەوە بووە لەبارودۆخی ژیانیان.

راستە داگیرکەری ئێران کەم و زۆر رۆلی هەبووە لەتوندوتیژکرنی خۆپیشاندنەکە , وەلەسووتانی مۆنۆمێنتەکە ,بەلام ئەم رژێمە هەولی لەباری هەموو دەسکەوتێکی کورد دەدات نەوەک تەنیا مۆنۆمێنتەکە.

بەلام پرسیار ئەوەیەئایا چۆن دەتوانێت (4بۆ 5) هەزار هاولاتی کۆبکاتەوە ,ئەگەر نارەزایەتی خەلک هەموو سنورێکی لە ئاست دەسەلات تێنەپەراندبێت؟.
وەهەموو هێزێکی سیاسی کوردستان زۆر ئاسایە خۆپیشاندان دژ بە کەم و کورتی پارتەکەی تر بکات کەلەدەسەلاتە,بەلام ئەمە ئەوا ناگەیەنێت بگاتە ئاستی سووتانی پیرۆزیەکانی میللەت ,بێگومان ئەمە دەچێتە خانەی خۆفرۆشی .
وە سەرلەنوێ یەکێتی نیشتمانی سەلماندی لەبری مامەلەی دیموکراتیانە دەیەوێت بەزەبروزەنگ چارەسەری نارەزایەتیەکانی خەلک بکات, وەئەگەر بیانووی ئێران و هێزی تریشی لەدەستە بۆ تەقەکردن لە خۆپیشاندانی هەلەبجە , ئەی بیانووی تەقەکردن لەخۆپیشاندەرانی شارۆچکەی کۆیە چیە ؟
ئاخر خەلک چۆن راناپەرێت , 15سالە باس لەدرۆیەکی گەورە دەکەن, بەبیانووی ساوایی حکومەت !؟ ............ کەچی لەملاوە بەرپرسەکانی ئەم دووهێزە شاهاناترین ژیان دەبەنە سەرو , داهاتی هەردوو ئیدارەش , تەنیا لای حکومەتی عێراق نزیک بە 6 ملیاردۆلار دەردەچێت!؟
ئەگەر پرسیارێک لەم جۆتە حزبە بکەین, لە ماوەی دەسەلاتتان هەریەکە 5 دەستکەوتی گرنگ بۆ پاشماوەی خەلکی ئەنفالکراوهەلەبجە بژمێرن ؟ ئایا یەکێتی لەبرینەوەی چەند دەستکەوتێکی زۆر لاوەکی و بچوک, چیتری پێدەنوسرێت !؟کەچی پارتی ئەوەشی پێنانوسرێت ؟
لەخۆپیشاندانی 16ـ3 ی خەلکی هەلەبجە , ئەم پرسیارە گەورە لای هەموو تاکێکی کورد بەهێز بووە, بە خوێن و ماندیبونی ( دەیان هەزار شەهید, راپەرین ,کۆچرەو , ئەنفال , هەلەبجە ,12 سال لە ئابلۆقەی بەعس.........دەستکەوتێکی گرنگ بەدەستهاتووە, کەچی بەروبومە ئابووری وسیاسیەکەی چەند سەد کەسێک دەیخۆن , بۆیە چیتر ناتوانین ,بەو برو بیانوە سەیرو سەمەرانەی بۆمان دێنەوە,برواتان پێبکەین؟
15 سالە هەموو ناخۆشی و تالیەکمان چەشت و هەموو ئەرکی خۆمان راستگۆیانە بردەسەر ,کەچی ئێوە هەر خەریکی شەرە دەسەلات وداهاتن ؟ بۆیە چیتر ناتوانین بێدەنگ بیین؟
وە نەوەیەکی نوێی تووڕە بەرێوەیە ,کەهەست و هۆشێکی نوێ ی پێیەکە نەپیرۆزی سەرۆک و حزب دەزانێت , نە هیچی تر رازی دەبێت ,بەم شێوەیە یاری بە چارەنووسی سیاسی و داهاتی نەتەوەکەی بکرێت ..